# پلانی زمانیو ئاسایشی زمانی نەتەوەیی

پ.ی.د.ئومێد بەرزان برزو
زانکۆی گەرمیان . فاکەڵتی پەروەردە . بەشی زمانی کوردی

**پێشەکی:**

زمان شوناسو بونی نەتەوە دەسەلمێنێت، بۆیە بونو مانەوەو بەردەوامیو بوژاندنەوەو پەرەسەندنی زمانی نەتەوەیی بە بەکارهێنانی زمان لە ئاخاوتنو خوێندنو نوسیندا بەستراوە، بە پێچەوانەوە ئەگەر زمان بەکارنەهێنراو قەدەغەکرا، ئەوا بەرەو ئاراستەی لەناوچونو کزبون دەڕوات، یان ئەگەر زمان سیاسەتو پلانی بۆ دانەنرێت بە مەبەستی پاراستنی زمانی نەتەوەیی، ئەوا هەڕەشەو مەترسییەکی گەورە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی دروستدەکات، بۆیە ناونیشانی توێژینەوەکە بۆ (پلانی زمانی و ئاسایشی زمانی نەتەوەیی) تەرخانکراوە.

**گرنگی توێژینەوەکە:**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەسەر ئەركو ڕۆڵی سیاسەتو پلانی زمانە لە پاراستنی ئاسایشی زمانی نەتەوەیی، چونکە ژیانی هەمو تاكێك بە ئاسایشی وڵاتو نەتەوەو زمانەکەیەوە گرێدراوە.

**سنوری توێژینەوەکە:**

سنوری توێژینەوەکە لە ئاستی سینتاکسدایە بە کەرەستەی فرێزو ڕستەی زمانی کوردی بە کاریگەریی زمانەکانی عەرەبیو ئینگلیزی.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتیدایە، تیایدا ڕێبازی پەسنی پەیڕەوکراوە.

**بەشەکانی توێژینەوەکە:**

**توێژینەوەکە لە دو بەش پێکهاتوە:**

بەشی یەکەم باس لە زمانی کوردیو ئاسایشی زمانی نەتەوەیی کراوە، کە تیایدا باس لەو خاڵە سەرەکییانە کراوە، کە ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی حکومەتی عێراق بە مەبەستی لاوازکردنو لەناوچونی بنەچەو ڕەسەنایەتی زمانی کوردی ئەنجامیان داوە، بەتایبەتی هەڕەشەیەکی گەورەیان لەسەر ئاسایشی زمانی نەتەوەیی دروستکردوە.

بەشی دووەم بۆ سیاسەتو پلانی زمان بە مەبەستی پاراستنی ئاسایشی زمانی نەتەوەیی تەرخانکراوە، کە تیایدا باس لە پەیوەندی زمانو شوناس، پاشان باس لە سیاسەتو پلانی زمانیو گرنگترین بنەماکانی بە نمونەی کاریگەریی زمانەکانی عەرەبیو ئینگلیزی لەسەر دروستە سینتاکسییەکانی زمانی کوردی کراوە.

بەشی یەکەم/ زمانی کوردیو ئاسایشی زمانی نەتەوەیی:

بونی هەمو تاکێك لە ژیان بە سێ بنەماوە بەستراوە، ئەوانیش (وڵاتو نەتەوەو زمان)ە. بێگومان وڵات لانکەو ماڵی هەمو نەتەوەو تاکێکی کۆمەڵگایەکە. نەتەوەش بە خاكو نیشتمانو زمانەکەیەوە سەربەرزە. زمانیش ناسنامەو شوناسی نەتەوەیی هەمو تاکێکە. بۆیە ئەمانە بناغەی بنیاتنانی هەمو تاکێکە لەناو کۆمەڵگاکەیدا. چونکە هەر تاکێك وڵاتی نەبێت، هەمیشە کۆیلەو ئاوارەیە، هەر تاکێك نەتەوەی نەبێت، هەمیشە سەرگەردانو بێکەسە، هەر تاکێکیش زمانی نەبێت، هەمیشە شوناسیو بونی خۆی نادۆزێتەوە.

زمان یەکێکە لە مەرجە سەرەکییەکانی ژیانی مرۆڤ، چونکە زمان دەبێتە هۆی لەیەکترگەیشتنو دروستبونی کۆمەڵو بەهۆی زمانەوە پەیوەندیی لەنێوان سەرجەم چینو توێژەکان دروستدەبێت، لە هەمان کاتیشدا کۆمەڵ سەرچاوەی گەیاندنی زمانو بەکارهێنانی زمانە، واتە زمان بەشێکە لە ژیانی هەمو نەتەوەیەكو لەگەڵیدا بەردەوام گەشەی کردوە، بۆیە زمان فاکتەرێکی کاریگەرە لە ژیانی نەتەوەدا، تەنانەت بە نەمانی نەتەوە زمانیش نامێنێتو بە مانەوەی نەتەوەش زمانیش دەمێنێتەوە. چونکە زمانو نەتەوە یاخود نەتەوەو زمان هاوتەمەنو هاوبەختو هاورۆحو هاوگیانن، هیچ کامیان لەوی تریان بەدەر نییە، لەبەر ئەمانە ڕواڵەتی مێژویی زمانو نەتەوە بەیەکەوە جۆشدراون (**مەسعود محەمەد، ١٩٧٨: ٥٧**).

زمان گەورەترین دەستکەوتی مرۆڤە، چونکە نەتەوەی بێ زمان بونی نییە، ئەو نەتەوانەی کە زمانیان لێسەندراوەتەوە، لە گیانێکی سەربەخۆ بێبەشن، تەنیا ڕازی مانەوەی خۆیان لە زماندا دیوەتەوە، زمان داڵدەدەری هەمو شتێکی ئەو نەتەوەیە، کە تەنها لە ڕێگەی زمانەوە باس لە شوناسو کەسایەتی خۆی دەکات. زمان کەرەستەی دەربڕینی کامەرانیو بەختەوەریو هەروەها مافخوراوی بێبەشییە، کاتێك گەلێك نەیتوانی لە ڕێگەی زمانی زگماکی خۆیەوە کەلتورو شوناسو زانستی خۆی بۆ نەتەوەی داهاتو بگوازێتەوە، دارو خاچی بە دوای خۆیدا ڕادەکێشێتو بەرەو نغرۆبونێکی ئەبەدی دەڕوات (**ابراهیم اسماعیل پوور** www.soma-saqiz.com). بۆیە زمانەکانی جیهان پەیوەندییان بە کۆمەڵگا مرۆڤایەتییەکانو نیشتەجێبونیان لەسەر ڕوی زەوی بەپێی هەمەچەشنی جوگرافیو ناوچەییەوە هەیەو جیاوازی هەمو زمانێك لە زمانێکی تر بەهۆی جیاوازی ڕەگەزو پەیوەستبونی قسەپێکەرانییەوەیەتی(**رشید عبدالرحمن العبیدی، ٢٠٠٢: ٣١**). واتە زمان وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیو مرۆیی هۆکارێکی سەرەکی پەیوەندیو لێکگەیشتنە لەنێوان مرۆڤەکاندا، هەر ئەم پێگە گرنگەی وای لێکردوە، کە پانتاییەکی فراوان لە ژیانی مرۆڤەکان داگیربکات، بە شێوەیەك ئەگەر زمان نەبووایە، ڕەنگە مرۆڤ نەیتوانیایە، ئەو هەمو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانە لەنێوان خۆی (چ وەك تاك، چ وەك کۆمەڵ) لەگەڵ کۆمەڵە خەڵکانی تر لە دەوروبەریدا دروستبکاتو بەو ئاستە لە پێشکەوتنی شارستانییەتەکان تێبگات. بۆیە زمانو کۆمەڵ لە سەرەتای دروستبونی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییەوە پەیوەندییان بە یەکەوە هەبووەو کاریگەرییان لەسەر یەکتری دروستکردوە. ئەگەر کۆمەڵ نەبێت، زمان بونی نییەو ئەگەر زمانیش نەبێت، ئەوا لێکگەیشتنو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دروست نابێت، واتە پەیوەندییەکی بەهێزو

تۆکمەیان لەگەڵ یەکتردا هەیە، بە جۆرێك ئامادەنەبونی یەکێکیان، ئامادەنەبونی ئەوی تری لێدەکەوێتەوە، هەر ئەمەش وای کردوە، کە تاکەکانی کۆمەڵ بۆ پەیوەندیکردن بە یەکترەوە لە بۆنەو شێوازە کۆمەڵایەتییەکاندا وەك ئامرازێك بۆ توندو تۆڵکردنی ئەو پەیوەندییانەو لێکگەیشتن بەکاریدەهێنن، بۆیە زمان هۆکارێکی گرنگی پەیوەندیکردنەو لە چوارچێوەی کۆمەڵگادا کاری پێدەکرێت.

لەلایەکی تریشەوە ئەگەر بمانەوێت بچینە نێو فەرهەنگی نەتەوەیەکەوە، زمان کلیلێکە بۆ کردنەوەی دەرگاکانی کەلتورو بیرکردنەوەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، چونکە مرۆڤەکان بەهۆی زمانەوە پەیوەندی بە جیهانەوە دەکەن و کارو ئامانجەکانیان بونیاددەنێن(**بەهار زایر محمد، ٢٠٠٩: ١٤**). تەنانەت مرۆڤ لەو ژینگەیەی کە لێی دەژێت، زمان وەردەگرێت و دەچێتە ژێر ڕکێفی ئەو ژینگەیەشەوە، بە نەمانی ئەو کۆمەڵگایەش زمان لەناودەچێت.

ئێمەی کوردیش بەدرێژایی مێژو خاك و وڵاتمان داگیرکراوەو بە هەمو شێوەیەك لەلایەن دوژمنانەوە هەوڵدراوە، نەخشەی سیاسیی وڵاتەکەمان بشێوێنن و پارچەپارچەی بکەن، لە هەمان کاتیشدا نەتەوەکەمان پەرتەوازەبکەن و زمانەکەمان لێ قەدەغەبکەن. ئەمانە هەموی سیاسەتی ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکان بووە بەرانبەر بە نەتنەوەی کورد بەگشتی، باشترین نمونەش بۆ ئەمە، بەتایبەتی سیاسەتی حکومەتی شۆفێنی عێراقی بو بەرامبەر بە نەتەوەی کورد لە باشوری کوردستاندا تا پرۆسەی ئازادیی عێراق، ئەویش بە پیلان و سیاسەتی ڕاگواستن و بەعەرەبکردن و قڕکردن و لەناوبردن و وێرانکردنی لادێ و ناوچە کوردنشینەکان و قەدەغەکردنی خوێندن و نوسین بە زمانی دایك و تالانکردنی ماڵی خەڵکی و داگیرکردنی زەوی و زاری جوتیاران و بەهەدەردانی سامانی نەتەوەیی لە خزمەتی سەربازی و ....هتد. ئەمانە هەموی بەمەبەستی سڕینەوەو لەناوبردنی هەر سێ بنەمای نەتەوەو خاك و زمانە، کە پێویستە هەمو کوردێك وەك مافی تاکەکەسی هەیبێت. لێرەدا ئاماژە بۆ گرنگترین ئەو خاڵانە دەکەین، کە هەڕەشەیان لە ئاسایشی زمانی نەتەوەیی کوردی کردوە:

١- نەمان و گۆڕینی شوناسی نەتەوەیی:

زمان شوناسی مرۆڤە، چونکە شوناسی هەر تاکێك بەهۆی زمانەکەیەوە لەناو کۆمەڵگادا دەستنیشاندەکرێت و گوزارشت لە بونی خۆی دەکات، تەنانەت بەهۆی زمانەوە دەزانین، کە خەڵکی کوێیەو سەر بە چ چینێکەو ڕادەی ڕۆشنبیری و خوێندەواری چەندەو لە چ بارێکی دەرونیدایە، بۆیە ئەگەر تاکێك لەسەر ڕوی زەوی بمێنێتەوە، بەهۆی زمانەکەیەوە دەتوانێت شوناسی نەتەوەیی خۆی بسەلمێنێت.

ڕژێمە دیکتاتۆرو تاوانبارەکان بە مەبەستی سڕینەوەی مێژوی هەر نەتەوەیەکی ژێر دەسەڵاتیان، ئەگەر چی کەمینە یان زۆرینە بن، پەنایان بردوەتە بەر دڕندانەترین شێوازی کۆمەڵکوژی و کیمیاباران و ئەنفالکردن و ڕاگواستن و قەدەغەکردنی خوێندن و نوسین و گۆڕینی شوناس و....هتد، ئەمانەش تاوانی نێودەوڵەتین و بەزاندنی سنوری جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤن. بێگومان

نەتـەوەی كـوردیش لـەو شـێوازانە بێبـەش نـەبووە، تەنانـەت زمـانی كـوردی لـە بـەردەم زمانـەكانی جیهان و دراوسیێ و بەتایبەتی زمانی عەرەبی ڕووبەڕوی چەندین هەڕەشەو مەترسی بووەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا توانیویەتی شوناسی نەتەوەیی خۆی لە هەمو ئەم ڕوبەڕوبونەوەو ململانێیە بپارێزیت. هـەروەها میللـەتانی سەردەسـتەش زۆرتـرین هـەوڵ و كۆششـیان داوە، بـۆ ئـەوەی جیـاوازی و دوبەرەكی و ململانێ بخەنە نێو چین و توێژەكانی میللەتی كوردی ژێردەستەوە(**كارزان موحسین قادر، ٢٠١٣: ١١**).

هەرچـەندە دەوڵـەت بەرپرسـی یەكەمـە لـە زامنكـردن و پاراسـتنی مافـەكانی مـرۆڤ و ئازادییـە بنەڕەتییەكان بۆ هەمو تاكێك بەبێ هیچ جیاوازییەكی ئاین یان زمان یان ڕەگەز....هتد. تەنانەت بەگوێرەی بڕیاری كۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەكگرتووەكان (٢٥٤٢) (د . ٢٤) لە(١١)ی كانونی یەكەمی (١٩٦٩)دا، هەمو نەتەوەو كەسێك بەبێ هیچ جیاوازییەك بە ئەگەرەكانی (ڕەگەز، توخم، ڕەنگ، زمان، ئاین، ڕەگەزنامە، بنەچە، مەڵبەندی خێزانی و كۆمەڵایەتی، قەناعەتی سیاسی و غەیرە سیاسی) مافی ژیانێكی ئازادو شكۆمەندو بەكەرامەتیان هەیە(**هەژار عزیز سورمێ، ٢٠٠٩: ١٣٩-١٤٠**). واتە بەشێك لەو ئەرك و مافانەی كە هەمو تاكێك لەنێو كۆمەڵگاكەیدا هەیەتی، ڕەگەزنامەی كەسێتی و زمانەكەیەتی.

بۆ نمونە یەكێك لە سیاسەتەكانی ڕژێمی عێراق بریتیبو لە گۆڕینی ناسنامەو شوناسی نەتەوەیی لە كوردەوە بۆ نەتەوەی عەرەب، كە بە پاكتاوی نەژادی (التطهير العرقي/تصحيح القومية) ناسراوەو تەنانەت خراوەتە چوارچێوەی یاساوەو بەپێی بڕیاری ژمارە (١٩٩) لە (٢٠٠١/٩/٦) بەناوی (ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆرشی عێراق) هاتوە، كە كورد نەتەوەی خۆی بگۆڕێت و خۆی بكاتە عەرەب، ئەگەر ئەوەش نەكات، ئەوا دوچاری ڕاگواستن و نانبڕین دەبێتەوە(**غەفوور مەخمووری، ٢٠١٠: ٦٣-٦٤**). كەچی لە بڕیاری كۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەكگرتووەكان لە بەندی (١٥)ی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤدا هاتوە، كە هەر كەسێك مافی ڕەگەزنامەیەكی هەیەو نابێت هیچ كەسێك لە ڕەگەزنامەكەی بێبەشبكرێت، یان لە گۆڕینی ڕەگەزنامەكەی بێبەشبكرێت(**هەژار عزیز سورمێ، ٢٠٠٩: ١١٩**). هەروەها یەكێكی تر لە بڕیارەكانی ڕژێمی بەعس گۆڕینی ناوی كەس و گەڕەك و قوتابخانەو مزگەوت و شارو ...هتد بووە، وەك لە فەرمانی ژ(٤١) لە (١٩٧٦/١١/٢٩) ناوی پارێزگای كەركوكی لە (كەركوك)ەوە بۆ (التاميم) گۆڕی(**وريا الجاف، ١٩٩٨: ١٥٦**).

٢- قەدەغەكردنی زمانی نوسین و خوێندن:

زمان یەكێكە لە بنەما سەرەكییەكانی ژیان، كە دەبێتە هۆی لەیەكترگەیشتن و دروستبونی كۆمەڵ و پەیوەندی نێوان سەرجەم چین و توێژەكان بە جیاوازی بۆچون و كەلتورو شارستانیەت و ....هتد. تەنانەت پاراستنی مافی هەمو تاك و نەتەوەیەك بەپێی پەرەسەندن و بەرەوپێشچونی كۆمەڵگای مرۆڤایەتی هەمیشە پێویستی بە وڵات و زمانەكەی هەبووە بۆ ڕێكخستنی پێوەندییەكانی بەپێی یاساو ڕێسا و كردنیان بە دەستور. چونكە دەستور لەلایەك سەرچاوەی یاساكانەو مافەكان دەستبەردەكات و دەیانپارێزێت و دەیانكاتە مافی دەستوری، لەلایەكی

تریشەوە لەناو یاساکاندا دەیانچەسپێنێت (**حمەصالح حمەئەمین**و..(٢٠٠٥: ١٠).
یەکێك لەو ئەرك‌و مافە گرنگانەش، کە هەر تاکێك لەناو وڵات‌و نەتەوەو خێزانەکەیدا هەیەتی، زمانەکەیەتی، کە پێی بدوێت‌و بەکاری بهێنێت‌و لە هەمان کاتیشدا پێی بخوێنێت‌و بنوسێت. تەنانەت لە پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی‌و پۆلەتیکیەکان بە بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ٢٢٠٠ ئەلیف لە(١٦)ی کانونی یەکەمی (١٩٦٦)دا هاتوە، ئەو دەوڵەتانەی کە کەمینەی نەتەوەیی‌و ئاینی‌و زمانیان تێدایە، نابێت کەسانی سەر بەو کەمایەتییانە لە کولتورو ئاینی خۆیان‌و بەکارهێنانی زمانەکەیان قەدەغەبکرێن(**هەژار عزیز سورمێ**، ٢٠٠٩: ٩٠).
بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیش بەدرێژایی مێژو هەمیشە لەپێناو ڕزگارکردنی نیشتمان‌و نەتەوەو زمانەکەی خەباتی کردوە، تا بتوانێت قەوارەیەکی سەربەخۆ بۆ نەتەوەکەی لە وڵاتێکدا دروستبکات، هەروەها ڕۆڵەکانی بە زمانی شیرینی کوردی لە ناوەندەکانی خوێندندا بخوێنن‌و بنوسن، کە ئەمەش ئاوات‌و هیوای سەرجەم نەتەوەکانە. تەنانەت ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەپاڵ چەندین ئامانجی خۆیدا دو ئامانجی سەرەکی هەیە، ئەوانیش(**حمەصالح حمەئەمین**و.. ٢٠٠٥: ١٤):

١- ئاشتی: کە لەسەر بنەمای یەکسانی نێوان گەلان‌و مافی چارەنوسیاندا بنیات بنرێت.

٢- مافی مرۆڤ: کە بەبێ جیاوازیکردنی ڕەگەز، **زمان**، ئاین، نەتەوە بچەسپێنرێت.

شێخ مەحمودی نەمر لەپاش شەڕی یەکەمی جیهانی‌و ساڵی (١٩١٨)وە زمانی کوردی کردە زمانی فەرمی حکومەتەکەی‌و تا ساڵی (١٩٢٣)ش بەردەوامبو. کەچی ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق‌و بەدرێژایی دەسەڵاتی سیاسیی خۆیان هەمیشە پلانیان بۆ قڕکردنی گەلی کوردو کۆمەڵکوژی‌و قەدەغەکردن‌و بنبڕکردنی زمانی کوردی داڕشتوە، یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانی ڕژێمی بەعس ئەوە بو، کە نوسین‌و خوێندنی کوردی لە سەرانسەری کوردستاندا قەدەغەبکات، بەمەش زمان‌و شوناسی نەتەوەیی کورد بسڕێتەوە.
ئەگەر چاوێك بە مێژوی دروستبونی وڵاتی عێراقدا بخشێنین. لە (١٩٢٠/٨/١٠)دا پەیمانی (سیڤەر) لەنێوان دەوڵەتە سوێندخۆرەکاندا بەسترا، کە تیایدا لێکۆڵینەوە سەبارەت بە کێشەو گرفتی نەتەوەو کەمە نەتەوەکان کرا، بەپێی بەندەکانی (٦٢، ٦٣، ٦٤)ی ئەو پەیمانە مافەکانی گەلی کورد بەشێوەیەك سەلمێنرا، کە بۆیان هەبێت لەماوەی ساڵێکدا گەر کۆمەڵەی نەتەوەکان گەیشتە ئەو بڕیارەی کە کوردەکان دەتوانن دەوڵەت بەڕێوەبەرن، ئەوا بۆیان هەیە، دەوڵەتێك بۆ خۆیان پێکەوە بنێن‌و تورکیا لەو ناوچەیەدا واز لە بەرژەوەندییەکانی خۆی بهێنێت. پاشان لە (١٩٢٣/٧/٢٤)دا پەیمانی (لۆزان) بەسترا، کە تیایدا بە تەواوەتی مافی کورد لە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆدا پێشێلکرا. دواجاریش لە (١٩٢٥/١١/١٦)دا کۆمەڵەی گەلان بڕیاریدا، کە کوردستانی باشور بخرێتە سەر عێراق، لەو کاتەوە تائێستا ئەو بڕیارە کاری پێدەکرێت(**عەبدوڵڵا غەفوور**، ٢٠٠٠: ٧٨-٨٧).
لە (٢١ ئاداری ١٩٢٥)دا یەکەم دەستوری عێراق بەناوی (قانونی ئەساسی عێراق) هەموارکرا،

دەستورەکەش لە (١٢٣) مادده پێکهاتبو، لە مادەی (١٦)یەمدا هاتوە: (هەمو تایفەیەك حەقی ئەوەی هەیە، کە بۆ فێرکردنی ئەفرادی خۆی بەزمانی خۆی مەکتەب دانیٚ، موحافەزەی زمانەکەی بکات، بەشەرتیٚ کە موافیق ئەو پرۆگرامی عمومیەی بیٚ، کە قانون دایدەنێت)(**تاریق جامباز، ٢٠٠٥: ٥-٩**). بەو واتایە سەرجەم نەتەوەکانی دانیشتوانی عێراق مافی خۆیانە بە زمانی نەتەوەیی خۆیان لە قوتابخانەکاندا بخوێنن و بنوسن، هەروەها مافی خۆیشیانە پارێزگاریی لە زمانە نەتەوەییەکەیان بکەن، نەتەوەی کوردیش وەکو یەکێك لە نەتەوە سەرەکییەکانی عێراق ئەم مافەی بەردەکەوێت. بەڵام بەهیچ شێوەیەك ئاماژە بۆ مافەکانی نەتەوەی کورد نەکرا، تەنانەت ئەم مافە بە ئاقارێکی تاکڕەویی ڕۆیشت و زمانی عەرەبی بە زمانی فەرمی ناسیوەو لە دەستوردا ناوی هاتوەو زمانەکانی تر بە یاسا دەستنیشاندەکرێن، کە ئاستەکەی لە دەستور نزمترە.

دواتر لە دەستوری کاتیی (١٩٥٨)و دواتر دەستوری (١٩٦٣)و (١٩٦٤) ئاماژە بە بونی نەتەوەی کورد لەپاڵ نەتەوەی عەرەبدا کراوە، بەبیٚ ئەوەی ئاماژە بۆ هیچ زمانێك بکات، بەڵام زمانی کوردیو زمانی عەرەبی لە پارێزگای سلێمانی دو زمانی فەرمی بون.

پاش ڕێککەوتنی (١١)ی ئازاری (١٩٧٠)ی نێوان کوردو حکومەتی عێراق. لە دەستوری عێراقی ژمارە (٧٩٢) بەندی (٥/ب) لە(١٩٧٠/٧/١٦)دا هاتوە: (گەلی ئێراقی لە دو نەتەوەی سەرەکی پێکهاتوە، ئەوانیش نەتەوەی عەرەب و نەتەوەی کوردە، ئەو دەستورە دان بەمافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردو مافە ڕەواکانی تەواوی کەمایەتییەکان دادەنێت لە چوارچێوەی یەکێتیی ئێراقیدا)(**هەژار عزیز سورمیٚ، ٢٠٠٩: ١٧٦**). لەم پرۆژەیەدا بۆ یەکەمجار ناوی نەتەوەی کورد هاتبێت و بە فەرمی زمانی کوردی لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا بووە زمانی خوێندن و نوسین. هەرچەندە ڕژێمی بەعس لە ساڵی (١٩٧٤) لەو ڕێککەوتنامەیە پاشگەزبویەوەو پاش ئەوەش شۆرشی کورد لە ساڵی (١٩٧٥)دا بە پلانێکی نێودەوڵەتی کۆتایی پێهێنرا، بەمەش حکومەتی عێراقی دەستی دایە پەلاماردان و ڕامالین و بەعەرەبکردنی ئەو ناوچانە لە کوردستانداو زیاتر لە (٥٠٠٠) گوند وێرانکران و زیاتر لە (٢٨) هەزار خێزانی کورد لە ناوچەکانی سەر سنور ڕاگوێزران(**میدلٚ ویست ووٚچ، ٢٠٠٤: ٨١ – ٨٣**). پاشان پرۆسەی ئەنفال بە قڕکردن و زیندەبەچاڵکردنی خەڵکی گوندنشینەکان و ڕوخاندن و وێرانکردنی لادێیەکان ئەنجامدرا، لە هەمان کاتیشدا یەکێکی تر لە سیاسەتەکانی ڕژێمی عێراقی بێبەشکردنی تاکی کورد بو لە نوسین و خوێندن بە زمانی کوردی، ئەویش بە داخستنی قوتابخانەکان و گۆڕینی پرۆگرامی خوێندن بۆ زمانی عەرەبی، کە بە فەرمانی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی و نوسینگەی تەنزیمی شیمالی بە ژمارە (٧١) لە (١٩٨٩/٣/١٨) کە ئاراستەی سەرجەم پارێزگاکانی هەولێرو دهۆك و سلێمانی کراون، بەناونیشانی (الدراسە الکردیە)و تیایدا ئاماژە بەوە دەدات، پاش کۆتاییهێنان بە پرۆسەی ئەنفال، پێویستە سەرلەنویٚ چاو بە سیستەمی خوێندن بخشێنرێتەوەو بۆ ساڵی خوێندنی (١٩٨٩-١٩٩٠) خوێندن لە سەرجەم قوتابخانەکاندا بە زمانی عەرەبی بێت، واتە بەعەرەبکردنی پرۆگرامی خوێندن لە ناوچە کوردییەکاندا بە مەبەستی سڕینەوەو قەدەغەکردنی نوسین و خوێندن بە زمانی کوردی.

لە لایەکی تریشەوە بە مەبەستی پەراوێزخستنی زمانی کوردی لە سەرجەم خوێندنگاو پەیمانگاو

زانکۆکاندا، ڕژێمی بەعس بە فەرمانی ژمارە (٦٣٢) لە (١٩٨٩/١٠/٧)دا بڕیاریدا، هەر خوێندکارێك لە بابەتی زمانو ئەدەبی کوردی دەرنەچو، ئەوا بە کەوتو هەژمارناکرێت(**غەفوور مەخمووری، ٢٠١٠: ٦٨**). واتە ئەم بابەتە لە پرۆگرامەکانی خوێندندا هیچ بەهاو گرنگییەکی نییە، بۆیە پشتگوێ بخرێتو وازی لێبهێنرێت، لە هەمان کاتدا فێرخوازانی کورد وا ڕابهێنێت، کە زمانی نەتەوەییان زمانی زانستو زانیاری نییە. لەگەڵ ئەوەشدا هەردو بەشی زمانو ئەدەبی کوردی لە زانکۆکانی بەغدادو سەلاحەدین پەراوێخران، بەوەی نزمترین کۆنمرەی دەرچوانی قۆناغی شەشەمی ئامادەیی لەو بەشانە وەردەگیران، ئەمەش وای لە فێرخوازانی کورد دەکرد، کە ڕوبکەنە بەشەکانی تری زانکۆو پەیمانگاکان.

یەکێکی تر لە سیاسەتەکانی ڕژێمی عێراق بێبەشکردنی منداڵانی کورد بو لە نوسینو خوێندن بە زمانی کوردی، ئەویش بە داخستنی (٧٧٦) خوێندنگا لە شارەکانی دهۆكو هەولێرو سلێمانیو کەرکوکدا(**مارف عومەر گوڵ، ١٩٩٧: ٧٢**).

پاش پرۆسەی ئازادیی عێراقو یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق، لە مادەی (٤)ی ڕەشنوسی دەستوری هەمیشەیی عێراق لەساڵی (٢٠٠٤)دا ئاماژە بەوە دراوە، کە هەردو نەتەوەی عەرەبو کورد دو نەتەوەی سەرەکی دانیشتوانی عێراق پێکدەهێنن، بۆیە زمانی عەرەبیو زمانی کوردی هەردوکیان دو زمانی فەرمی عێراقنو مافی عێراقییەکان لە فێرکردنی مناڵەکانیان بە زمانی دایکیان مسۆگەردەکات، هەروەها زمانی تورکمانیو زمانی سریانیی ئەرمەنی دو زمانی فەرمین لەو ناوچانەی بەزۆریی تێیدا دەژین(**باسط حمەغریب، ٢٠٠٥: ٥٤**).

دەتوانن بڵێین ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقو بەدرێژایی دەسەڵاتی سیاسیی خۆیان هەمیشە پیلانیان بۆ قڕکردنی گەلی کوردو قەدەغەکردنو بنبڕکردنی زمانی کوردی داڕشتوە، سەرەرای ئەوەی کە شۆفێنێتی عەرەبیو ڕژێمی بەعس هەمیشە هەوڵیانداوە بۆ سڕینەوەی تەواوی تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانی کورد وەك (خاك، زمان، مێژو، جوگرافیا، دابونەریت، هەستی نەتەوەیی،.....)، بێگومان ئەو هەمو کردەو پیلانانەش گەورەترین مەترسیو هەڕەشەبون لەسەر ئاسایشی نەتەوەی کوردو ئاسایشی زمانی نەتەوەیمان.

٣- ڕاگواستنو بەعەرەبکردن:

یەکێکی تر لە پیلانەکانی ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق بەعەرەبکردنی کوردستان بو بە مەبەستی سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەییو داگیرکردنی خاكو نیشتمانو قڕکردنی نەتەوەی کورد بو، بۆیە هەمیشە دەستیان لە ڕاگواستنو وێرانکردنی خاکی کوردستان نەپاراستوە. تەنانەت لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقدا دەستکرا بە دروستکردنی کۆمەڵێك ئۆردگای سەرەتایی بۆ نیشتەجێکردنی هۆزە کۆچەرەکانی عەرەبو هانیدان، کە ڕو لە ناوچەکە بکەن(**غەفوور مەخمووری، ٢٠١٠: ٢٣**).

مەبەست لە چەمکی بەعەرەبکردن ئەو ئەنجامو شوێنەوارانەیە، کە بۆ نیشتەجێکردنی هۆزەکانی

عەرەبو دروستکردنی کۆمەڵگای نیشتەجێبونیان لەناو خاکی کورددایە، هەروەها هەوڵدان بۆ گۆڕینی ناوی گوندو شارو ناوچەکانی وڵاتی کورد لەگەڵ ڕێگەخۆشکردن بۆ پەلهاویشتنی زمانی عەرەبی و چەسپاندنی وەك زمانی نەتەوەو ئاینو دەوڵەت(**خليل اسماعيل محمد، ٢٠٠٣: ٩**). بۆیە ڕاگواستنی بەشێکی زۆری کوردە گوندنشینەکان بۆ ناوەڕاستو باشوری عێراق بە مەبەستی پەرتەوازەکردنو نەهێشتنی هەستی نەتەوایەتی بو، لە هەمان کاتیشدا نەوەکان فێری خوێندنو نوسینی زمانی عەرەبی بنو هەمان کەلتورو شارستانیەتی عەرەب هەڵبگرن، ئەمەش کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر لاوازکردنی هەستی نەتەوایەتی و تەنانەت زمانی ئاخاوتنو خوێندنو نوسینی عەرەبی ببێتە زمانی دایکیان.

**بەشی دووەم/ پلانی زمانی و ڕۆڵی لە پاراستنی ئاسایشی زمانی نەتەوەیی:**

**تەوەری یەکەم/ زمانو شوناس (ناسنامە):**

زۆربەی فەیلەسوفانی سەدەی نۆزدەمو بیستەم زمانیان وەك کۆڵەکەی ناسنامەی نەتەوەیی داناوە، بۆ نمونە هانس کۆهن پێی وابو، زمان تەنیا هۆکاری پێناسەیەکی نەتەوەیی نییە، بگرە هێندێك جار سازکردنەوەو زیندوکردنەوەی زمانێك دەتوانێت ببێتە فاکتۆری ڕەواییبەخشین بە بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی کە لە ئارادایە(**هاشم ئەحمەدزادە، ٢٠١٢: ٢٥٠**). بۆیە زمان یەکێکە لە ئاماژە گرنگەکانی شوناس، کە بەشداری لە پێکهێنانو بەهێزکردنی دەکات، تەنانەت پەیوەندیی نێوان زمانو شوناس پەیوەندییەکی پتەوو تێکچڕژاوە(**محمد أمارە، ٢٠١٠: ٢٣**).

چەمکی شوناس بە شێوەی ئەڵقەی زنجیرەیی بەستراوە بە کۆمەڵێك چەمكو بواری جیاجیاوە، وەك: نەتەوە، دەوڵەت، ڕۆژهەڵاتیبون، ڕۆژئاوابون، مێژو، جوگرافیا، کۆمەڵایەتی، سیاسی، شارستانی، ئەدەب،....هتد، کە خودی ئەم کۆمەڵە چەمكو بوارە هەریەکەیان بۆ خۆیان چەندین بنەمای تایبەتی هەیەو هەڵگری باسو خواسگەلێکن، کە چەمکی ناسنامە دێتە گۆکردن(**کارزان موحسین قادر، ٢٠١٣: ١٨**). واتە زمان سەرچاوەی شوناسە، هەروەها کرۆکێکی بەهادارە کە سیمبولێکە بۆ بەئەندامبونی کەسێك بۆ کۆمەڵێکی تایبەت، زمان بایەخدارترین شتە، کە خەڵکانێك وەك نەتەوە پێکەوە گرێدەداتو زۆر لە خاكو مێژو گرنگترە(**کریستینا کۆیڤۆنەن، ٢٠١١: ٢١١**).

واتە زمانە کوردییەکەی هەر چوار پارچەکەی کوردستان پێکەوە گرێدەداتو ناسنامەی کوردبونیان پێدەبەخشێت، هەر بۆیە لەپێناو پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی خۆیاندا دژ بە دەوڵەتە داگیرکەرەکانیان دەوەستنەوە، چونکە زمان زۆر لە خاكو مێژوو گرنگترەو ئەمەش وادەکات، هەستی قوڵی نەتەوەی کورد بەرامبەر بە زمانەکەیان زیاتر بێت، ئەمەش دەبێت بە ئامانجێکی سەرەکی بۆ دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کورد کە مەبەستیان لەناوبردنی شوناسی نەتەوەیی زمانی کوردییە، بۆیە دەیانەوێت لە ڕێگەی گۆڕینی شوناسی نەتەوەیی و زمانەکەوە نەتەوەی کورد لەناوببەن.

زمان بە بۆچونی (فیختە) ئەو دیاردەیەیە، کە سنورە سروشتییەکانی نەتەوەیەك دەستنیشاندەکاتو گرنگی لە سنورە خاکی و فیزیکییەکانی نەتەوە پتردەبێت(**هاشم ئەحمەدزادە،**

٢٠١٢: ٢٥٠). بەپێی ئەم بۆچونە بۆمان دەردەکەوێت، کە سروشتی زمانی نەتەوەیی لە سنوری جوگرافی و فیزیکیش فراوانترە، واتە کورد لە هەر شوێنێك بژی، زمانی کوردی لەو شوێنە هەیەو دەتوانین بڵێین ئەو کەسانەی لە دەرەوەی سنوری جوگرافیی کوردستانیش دەژین، دەتوانن بە زمانی کوردی قسەبکەن، بەڵام سنوری جوگرافیی خاك نەگۆڕەو ناگوێزرێتەوە، بۆیە سنوری سروشتی زمانی نەتەوەیەك گەشەدەکات و توانای گەشەکردنی هەیە، بەڵام سنوری جوگرافی دیاریکراوە. هەروەها (ئیجرئی) دەڵێت: شوناس بریتییە لە باسێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەرونی، کە پەیوەندی بە سەرهەڵدان و مانەوەی هەر گەلێکەوە هەیە(**پشتیوان رحیم،** ٢٠١١: ١٢). واتە شوناس چەند تایبەتمەندیەکی هەیە لە پێناسەکردنی هەر تاکێك یا نەتەوەیەکدا، بۆ نمونە لە ڕوی کۆمەڵایەتییەوە ئەو هەڵسوکەوتەی کە تاکێکی کورد ئەنجامی دەدات، جیاوازە لەگەڵ تاکێکی عەرەب یا هەر نەتەوەیەکی دیکە، ئەمەش دەریدەخات، کە ئەم تاکە سەر بە نەتەوەی کوردەو نەتەوەی کوردی پێ پێناسەدەکرێت.

گەر باس لە زمان و شوناسی نەتەوەیی کورد بکەین. ئەوا لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا ئەزمونی بەنێودەوڵەت – نەتەوەکان لە بایەخە دیموکراتیك و لیبراڵەکان و چارەنوسی کەمایەتییە ئەتنیکی و ئاینی و نەتەوەییەکان دورەو لە هی گروپگەلی لەم چەشنە لە چوارچێوەی ئەوروپادا جیاوازە، دەوڵەت و نەتەوەکانی ئەم هەرێمە ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان لەسەر حاشالێکردنی ئەوانی دیکە بنیاتناوەو تێیدا زمانە سەردەستەکانی خۆیان وەك زمانی (ڕۆژ)و (شیرین)و (کامیل) ناساندوە، هەر بۆیە پرسی پێچەڵپێچی ناسنامە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا هێندەی تر ئاڵۆزدەبێت و ئەوەی کە تۆ کێی دەبێتە پرسێکی ناوەندی نەك هەر لە ئاستی تاك بگرە لە ئاستی نەتەوەیشدا، ڕەنگە هەڵە نەبێت، ئەگەر بگوترێ پرسگەلی "خەڵکی کوێی" و "کێی" ئەو پرسە سەرەکییانەن، کە مرۆڤی کورد لە ژیانی ڕۆژانەیدا بەردەوام ڕوبەڕویان دەبێتەوە(**هاشم ئەحمەدزادە،** ٢٠١٢: ٢٤٨). بە شێوەیەکی گشتی ئەو کەمایەتییە نەتەوەییانەی کە لەژێر دەسەلاتی ولاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدان، بەزۆری دەسەلاتی دیکتاتۆری بەسەریاندا زاڵەو زیاتر ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان لەسەر حاشالێکردنی نەتەوەکانی ژێر دەستیان بنیاتناوە، پاساویش بۆ ئەم کارەیان دەهێننەوە بە دروستکردنی مێژویەکی دەستکرد، کە تێیدا زمانەکەی خۆیان بە زمانی سەرەکی ولات دەناسێنن، هەر بۆیە بونی ناسنامە لە ولاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا ئەوەندەی تر ئاڵۆزتر دەبێت، بەوەی دان بە ناسنامەی نەتەوەکانی ژێردەسەلاتیاندا نانێن و بۆ نمونە پرسگەلی وەکو تۆ کێیت؟ یا خەڵکی کوێیت؟ کە پرسێکی سەرەکییەو بەردەوام مرۆڤی کورد لە ژیانی ڕۆژانەیاندا ڕوبەڕویان دەبێتەوە، چونکە کوردستان دابەشکراوە بەسەر چەند دەوڵەتێکدا لەوانەش (عێراق و سوریاو ئێران و تورکیا) هەریەکە لەم دەوڵەتانەش بەهیچ شێوەیەك دان بە ناسنامەی گەلی کورددا نانێن، بەپێی ئەم وتەیە بۆمان ڕوندەبێتەوە، زمانی کوردی فاکتەری گرنگی شوناسی نەتەوەیی کوردە، بۆیە تاکی کوردیش بەهۆی زمانەکەیەوە دەناسرێتەوەو شوناسی نەتەوەیی خۆی پێناسەدەکات.

**تەوەری دووەم/ سیاسەتو پلانی زمانی:**

**سیاسەتی زمانی لقێکە لە زانستی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی، کە بابەتو پرۆگرامی تایبەت بە خۆی هەیە. کۆزمانەوانیش لە پەیوەندی نێوان زانستی زمان و کۆمەڵناسی دەکۆڵێتەوە، واتە لە پەیوەندی نێوان زمانو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەکۆڵێتەوە، هەروەها لە سیاسەتی زمانەوانیش دەکۆڵێتەوە بۆ زمانی فێرکردنو ڕاگەیاندنو پەیوەندییەکان(اسماعیل عبدالفتاح: ٣٢٨). تەنانەت سیاسەتی زمانیو یاسای زمانی هاوتای یەکترن، چونکە زمان دەبێتە بەشێك لە هزرو بیری هەر تاکێکی نەتەوە، بۆیە زمان ئاسایشی نەتەوەییەو بەبێ هەستی نەتەوەیی ئەنجام نادرێت(تارق جامباز، ٢٠١١: ٢٩١).**

**سیاسەتی زمانی پەیوەستە بەم پرۆسانەوە(احمد حسانی** www.alarabiahconference.org : **٨):**

**١- لێکۆڵینەوەیەکی وردی بارودۆخی زمانی لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا.**

**٢- دانانی بۆچوونو بنەماکانی ڕێکخستنی زمانی لەسەر بنەمای داتای لێکۆڵینەوەیەکی ورد.**

**٣- بڕیاردان لە لایەن (دامەزراوە یاساییو جێبەجێکارەکان لە وڵاتدا، یان ڕێکخراوە هەرێمیو نێودەوڵەتییەکان).**

**٤- جێبەجێکردنی نەخشەی ڕێکخستنی زمانی بە پشتبەستن بە فەرمیکردنی هۆکارەکانی بەردەستو پێشوەخت.**

**٥- هەڵسەنگاندنی بەردەوام بۆ دەستکەوتەکان.**

**ئاشکرایە، پلانی زمانی لایەنێکی پراکتیکی جێبەجێکردنی سیاسەتی زمانییە، هەروەك چۆن لویس کالفی دەڵێت: پلانی زمانی بەدوای هۆکارە پێویستییەکانی جێبەجێکردنی سیاسەتی زمانی دەگەڕێت(لویس جان کالفی، ٢٠٠٨: ٢٢١). چەمکی پلانی زمانی لە سەرەتادا بە دەستنیشانکردنی زمان دەستی پێکرد، بەو واتایەی هەڵبژاردنی زمانێك لەنێو کۆمەڵە زمانێك لە وڵاتێکی فرەزماندا(مصطفی عوض بني ذیاب، ٢٠١٢: ١١٢). بێگومان کردەی پلانی زمانی پێویستی بە بڕیارێکی سیاسیی ڕێکوپێك هەیە، بۆ ئەوەی ئامانجەکانی پلانەکە بەدەستبهێنێت، هەر بڕیارێکیش لەبارەی زمانەوە دەدرێت لەلایەن زمانەوانەکانەوە دەردەچێت(عبدالکریم خلیفە، ١٩٨٧: ١٧٣).**

**وەك ئاماژەمان بۆ کرد، زمان شوناسی نەتەوەیە، هەر هەڕەشەو مەترسییەك بۆ سەر زمان، هەڕەشەیە بۆ سەر یەکڕیزیو ناسنامەی ئەو نەتەوەیە، بەمەش ئاسایشی زمانی نەتەوەیی دەکەوێتە بەردەم ململانێی زمانەکانی ترەوە، بۆیە لەپێناو پاراستنی ئاسایشی زمانەکەمان پێویستە پلانێکی ڕێکوپێكو تۆکمە بۆ زمانەکەمان دابنێین. چونکە پلانی زمانی گرنگییەکی تایبەتی بۆ هەمو نەتەوەیەك هەیە، کە ڕوبەڕوی کێشەی فێرکردن یان گەشەکردن یان ئەوانەی پەیوەستن بە زمانەوە دەبنەوە، بەتایبەتی لەو وڵاتانەی کە فرەزمانو فرە نەتەوەن(مصطفی عوض بني ذیاب، ٢٠١٢: ١١١).**

**شایانی باسە پلانی زمانی چەند دیاردەو پرۆسەیەکی جیاواز دەگرێتەوە، گرنگترینیان ئەمانەن**

(احمد حسانی www.alarabiahconference.org : ٧-٨):
١- تەکنیکی زمانی.
٢- چاکسازی زمانی.
٣- زیندوکردنەوەی زمانە مردووەکان.
٤- جێگرتنەوەی زمانە نەتەوەییەکان لە شوێنی زمانە بیانییەکان لە پرۆسەی فێرکردندا.
٥- نوێکردنەوەی زاراوەکان.
٦- بەرگریکردن لە پێگەی هەر زمانێك.
هەروەها پلانی زمانی چەندین گرنگی هەیە، لەوانەش(**ئازاد عزیز سلێمان، ٢٠١٤: ٢١**):
١- بەڕێوەبردنی کاروباری کارگێڕی وەکو کاروباری پەروەردەیی و تەندروستی و کۆمەڵایەتی.
٢- بەهێزکردنی یەکێتی نیشتمانی و هەستی نەتەوایەتی و هاوڵاتی بون.
٣- بەڕێوەبردنی فرەزمانی و بە ستانداردکردنی زمانێك.
٤- پاراستنی زمان لە ململانێ و هەڕەشەی زمانەکان.
لەنێو گرنگی پلانی زماندا ئاماژە بۆ پاراستنی زمان لە ململانێی زمان و هەڕەشەی زمانەکان دەکرێت.
لە قۆناغی پاش ڕاپەڕینی (١٩٩١)وە بە دروستبونی هەرێمی کوردستان لە ناوچەکەدا، زمانی کوردی بەردەوام هەوڵی داوە، کە لە ململانێ و هەڕەشەی زمانی عەرەبی باڵادەست دەرباز ببێت لەپێناو پاراستنی شوناسی زمانی کوردی و ئاسایشی زمانی نەتەوەیی. بەڵام لە سایەی نەبونی سیاسەت و پلانێکی تۆکمەی زمان لە پێڕەونەکردنی یاسا سینتاکسییەکانی زمانی کوردی لە کوردستاندا بەتایبەتی لە تابلۆو نوسراوی دەزگا فەرمی و کەرتە تایبەتییەکان و نوسینی مانشێت و هەواڵەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و لافیتەی پرسەکان و توێژینەوەکان و تابلۆی سەر دوکانەکان و کتێبی منهەجی و ...هتد ڕوبەڕوی مەترسییەکی گەورەی هەڕەشەی زمانەکانی تری وەك زمانی عەرەبی و ئێستاش زمانی ئینگلیزی بوینەتەوە، بەتایبەتی لە وەرگێڕانی وشە بە وشەی یاسای دروستەی فرێزو ڕستەکاندا.
دروستەی ڕستە گەورەترین دانەی سینتاکسییە، پێویستە هەمو دروستەی ڕستەیەك لە زماندا ڕێزماندروست و واتاڕاست بێت، هەمو زمانێکیش لە جیهاندا کۆمەڵێك یاسای سینتاکسی دروستەی فرێزو ڕستەی تایبەت بە خۆی هەیە لە دەستنیشانکردنی قاڵبە بنجییەکان و سەرەوڕیزبون و خستنەپاڵیەکی کەرەستە زمانییەکاندا، واتە جۆری ڕیزبونی کەرەسەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێت، بۆ نمونە:
١- کوڕەکە سێوەکەی خوارد (بکەر + بەرکار + کردار)
٢- أکلَ الولدُ التفاحَ (کردار + بکەر + بەرکار)
٣- The boy eating an apple (بکەر + کردار + بەرکار)
هەروەها فرێز لە ڕوی ڕۆنانەوە لە ڕستە بچوکترە، کە شوێنی ڕۆنانێکی نزمتر لە ڕستەدا دەگرێت و

لە وشەش گەورەترەو شوێنی ڕۆنانێکی باڵاتر لە وشە دەگرێت. دەتوانرێ فریزیش بە کەرەسە لە پێش و پاشی سەرەوە چ لە دروستەی ناوەوەدا چ لە دروستەی دەرەوەدا فراوان بکرێ. بەڵام مەرجە پێوەندی سینتاکسی لەنێوان کەرتەکانی فریزدا هەبێت، گەر لە کەرتێك زیاتر پێکهاتبێت، بەر لە هەمو شت دەبێت بەپێی یاسای سینتاکسی لێکدرابن، واتە مەرج نییە، هەمو وشەیەك یان کەرتێك خراونەتە پاڵ یەکتری، فریزێکیان پێکهێنابێت(**حاتەم ولیا محەمەد، ٢٠٠٠: ٣٠**). بۆ نمونە:

١- مۆزەخانەی شارستانی گەرمیان.

٢- متحف كرميان الحضاري.

٣- Garmian civilization museum

دەبینین، ناوی تایبەتی یان ناوی دەستنیشانکراو لە دروستەی فریزی ناوی لە زمانی کوردیدا دەکەوێتە کۆتایی فریزەکەوە، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا دەکەوێتە ناوەڕاستی فریزە ناوییەکەوە، کەچی لە زمانی ئینگلیزیدا دەکەوێتە سەرەتای فریزە ناوییەکەوە. هەریەك لەم سەرەوڕیزبونانەش بەپێی تایبەتێتی خودی زمانەکەیەو لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازن.




وێنەی (١)

لێرەدا هەوڵدراوە بە هێنانەوەی وێنەو خستنەڕوی نمونەی فریزو ڕستەکان لەژێر کاریگەریی یاساو ڕێسای زمانەکانی تردا، باس لەم کاریگەرییانە بکەین:

١- زمانی عەرەبی سەر بە خێزانی زمانە سامییەکانەو لەم زمانانەشدا دو جۆر ڕستە هەن، ئەوانیش (الجملة الاسمية ـ ڕستەی ناوی)و (الجملة الفعلية ـ ڕستەی کرداری)، ڕستەی ناوی لە (المبتدأ + الخبر) پێکهاتوە، لەم جۆرە ڕستەیەدا کردار نییەو بەهۆی گوزارەوە (الخبر) واتای ڕستەکە ڕوندەکرێتەوە، واتە کات و کەسی تێدانییە، بۆ نمونە:

الطالبٌ ذكيٌ / الطالبةٌ ذكيةٌ

ئەم یاسا سینتاکسییە بە ڕونی کاریگەریی لەسەر زمانی کوردی نواندوەو لە کتێب و بەرهەمی نوسەرانماندا بەرچاودەکەوێت. تەنانەت لە کتێبی زمان و ئەدەبی کوردیی قوتابخانەو خوێندنگاکاندا هاتوە، کە هەر ڕستەیەك کردارەکەی ناتەواو بێت، ئەوا ئەو ڕستەیە ڕستەیەکی

ناوییەو لە (نیهاد + گوزارە) پێکهاتوە، بۆ نمونە:

خوێندکارەکە وریایە

نیهاد گوزارە

زمانی کوردی سەر بە زمانە هیندۆئەورووپییەکانە، شایانی باسە تەنیا یەك جۆر ڕستە لەم زمانانەدا هەیە، ئەویش ڕستەی کردارییە، چونکە هەمو ڕستەیەك کاتو کەسی تێدایە، چ کردارێکی تەواو یان ناتەواو بێت:

خوێندکارەکە وریایە

بکەر تەواوکەر + کردار(ڕەگ + کات + کەس)

٢- یەکێکی تر لەو کاریگەرییانە، وەرگێڕانی وشە بە وشەی ڕستەی زمانی عەرەبییە بۆ ڕستەی زمانی کوردی لەسەر بنەمای یاسای سینتاکسیی زمانە وەرگێڕدراوەکە، بۆ نمونە:

(ا) تقوم منظمة ......... بأقامة ندوة شعرية للسيد...........

ڕێکخراوی ........ هەڵدەستێت بە سازدانی کۆڕێکی شیعری بۆ بەڕێز.............

(ب) تقوم جمعية ........ بتقديم المساعدات للعوائل المهجرة.

کۆمەڵەی ........ هەڵدەستێت بە پێشکەشکردنی هاوکاری بەسەر خێزانە ئاوارەکاندا.

(پ) تقيم جامعة .......... مؤتمراً علمياً تحتَ عِنوان .............

زانکۆی .......... هەڵدەستێت بە سازدانی کۆنفرانسێکی زانستی لەژێر ناونیشانی .............

شایانی باسە کردار لە دروستەی ڕستەی زمانی کوردیدا دەکەوێتە کۆتایی کەرەستەکانی تری پێکهاتەی ڕستەکەوە، بۆیە پێویستە کەرەستەکان بەپێی قاڵبی یاسای ڕێزمانی زمانی کوردی سەرەوڕیزبکرێن، بەم جۆرە:

(ا) ڕێکخراوی ........ کۆڕێکی شیعری بۆ بەڕێز ....... سازدەکات.

(ب) کۆمەڵەی ........ هاوکاری بەسەر خێزانە ئاوارەکاندا دابەشدەکات.

(پ) زانکۆی ........ کۆنفرانسێکی زانستی بە ناونیشانی .......ئەنجامدەدات.

٣- یەکێکی تر لەو کاریگەرییانە، کە بە شێوەیەکی بەرفراوانو بەگشتی دەردەکەوێت، بریتییە لە وەرگێڕانی سەرەوڕیزبونی کەرەستەکانی دروستەی فرێزی ناوی فراوانکراو، کە تیایدا ناوی تایبەتی یان ناوی دەستنیشانکراو دەخرێتە سەرەتای فرێزەکەوە لەژێر کاریگەریی زمانی ئینگلیزی، یان دەخرێتە ناوەڕاستی فرێزەکەوە لەژێر کاریگەریی زمانی عەرەبی، کەچی ئەمانە وەرگێڕانێکی فەرهەنگیو سینتاکسیی زمانی عەرەبی یان ئینگلیزییە بۆ سەر زمانی کوردی، چونکە لە یاسای ڕێزمانیی فراوانکردنی دروستەی فرێزدا هەمیشە ناوە دەستنیشانکراوەکە دەکەوێتە کۆتایی فرێزەکەوە، ئەو کاتە ئەم دەربڕینانە لە زمانەکەماندا دروستنو کەرەستەکانیش بەپێی یاسای سینتاکسی زمانەکەمان ڕیزکراون، بەم شێوەیە:




وێنەی (٢)

**یانەی نور بۆ وەرزش و لەش جوانی: یانەی وەرزشی و لەشجوانی نور**

**(نادي النور للرياضة واللياقة والرشاقة)**




وێنەی (٣)

**قوتابخانەی کەلاری نێودەوڵەتی: قوتابخانەی نێودەوڵەتیی کەلار**

**(مدرسة كلار الدولي)**




وێنەی (٤)

**نەخۆشخانەی خانەقینی گشتی : نەخۆشخانەی گشتیی خانەقین**

**(مستشفى خانقين العام)**




وێنەی (٥)

نووسینگەی نەورۆز بۆ گەشت و گوزار : نوسینگەی گەشتوگوزاری نەورۆز

(مكتبة نوروز للسفر والسياحة)




وێنەی (٦)

کۆمپانیای کی تەکنەلۆجی : کۆمپانیای تەکنەلۆجیی کی

(شركة كي التكنولوجية)

٤- بە پێی یاسای سینتاکسی دروستەی فرێزی ناوی، دیارخەرەکانی پاشەوە بە یاریدەی مۆرفیمەکانی خستنەسەر بە سەرەی فرێزەکە دەبەسترێنەوە، بۆیە لەژێر کاریگەریی زمانی عەرەبی یان ئینگلیزیدا ئەم مۆرفیمی (ی)یە لە چوارچێوەی ئەم فرێزانەدا نەنوسراون و دەرنەکەوتون، بۆ نمونە:




وێنەی (٧)

وێنەگر ئەوین (مصور اوين) : وێنەگری ئەوین




وێنەی (٨)

پیتزا هەرێم (Harem pizza) : پیتزا<u>ی</u> هەرێم




وێنەی (٩)

مین مارکێت سەردەشت (Serdasht minimarket): مینیمارکێت<u>ی</u> سەردەشت

٥- بەشەئاخاوتنی ژمارەو جۆرەکانی (بنجی، پلەیی، کەرتی) بەشداری لە فراوانکردنی دروستەی دەرەوەی فرێزی ناوی دەکەن، هەر سێ جۆرەکەی ژمارە وەك دیارخەری پێش سەرەی فرێزەکە دەردەکەون، بەڵام تەنها ژمارەی پلەیی وەك دیارخەری پاش سەرەی فرێزەکە دەردەکەوێت، کەچی ئەم جۆرە ژمارەیە واتە ژمارەی پلەیی لەژێر کاریگەریی وەرگێڕانی زمانی عەرەبی بۆ زمانی کوردی دەخرێتە کۆتایی فرێزە ناوییەکەوە، بەمەش دەبێتە دروستەیەکی ڕێزمان نادروستو واتاناڕاست، بۆ نمونە:

First World War : الحرب العالمية الاولى : جەنگی جیهانی یەکەم

Second world war: الحرب العالمية الثانية : جەنگی جیهانی دووەم

لەڕوی ڕێزمانەوە ژمارەی پلەیی لە فراوانکردنی دروستەی دەرەوەی فرێزی ناویی زمانی کوردیدا دەکەوێتە پێش یان پاش سەرەی فرێزەکەوە، هەروەها لە ڕوی واتایشەوە جەنگ دەژمێردرێت (یەکەم، دووەم، سێیەم، ....)، بەڵام جیهان ناژمێردرێتو تەنها یەك جیهانە، بۆ ئەوەی دروستەی ئەم فرێزانە ڕێزماندروستو واتاڕاست بن، پێویستە سەرەوڕیزبونی کەرەستەکان بەم جۆرە بنوسرێن:

یەکەم جەنگی جیهانی/ جەنگی یەکەمی جیهانی

دووەم جەنگی جیهانی/ جەنگی دووەمی جیهانی

## ئەنجامەكان:

١. زمان بنەمایەكی گرنگی ئاسایشی نەتەوەییە، بۆیە پێویستە سیاسەتو پلانێكی زمانی تۆكمە لە بەرنامەو كاری حكومەتی هەرێمی كوردستانو ئەكادیمیای كوردی چالاكتر بكرێت، تاوەكو بتوانرێت سیاسەتو پلانی تایبەت بە زمانی كوردی هەبێتو كۆمەڵێك بڕیار لەسەر ئاستی هەرێمی یان نێودەوڵەتی دەربكەن لەپێناو پاراستنی ئاسایشی زمانی نەتەوەیی.

٢. نەبونی پلانی زمانی لە دەزگاكانی ڕاگەیاندنو بەتایبەتی گرنگی نەدان بە بنەماو پرنسیپەكانی پاراستنی ئاسایشی زمانی نەتەوەیی لەبەردەم هەڕەشەو ململانێی زمانەكاندا، چونكە ئەمڕۆ میدیاكان ڕۆڵێكی زۆر چالاكو فراوانترو خێراتر لەناو كۆمەڵدا دەگێڕێن لە بوارەكانی مانشێتی هەواڵو ریكلام، بەرنامەی پەروەردەو فێركردن بە زمانی دایك، بەكارهێنانی وشەو زاراوە فەرهەنگییەكان، نوسینی تابلۆی دوكانو قوتابخانەو.....هتد.

٣. وەرگێڕانی وشە بە وشە لە دروستەی فرێزو ڕستەكانی زمانی كوردی لە لافیتەی پرسەو ڕیكلامو تابلۆی دەزگا فەرمییەكانی دەوڵەتو كەرتی تایبەتی بە شێوەیەكی بەرفراوان دەردەكەون، بەتایبەتی وەرگێڕانی وشە بە وشەی زمانی عەرەبی و ئینگلیزی بۆ زمانی كوردی، كە ئەمەش مەترسی لەسەر ئاسایشی زمانی نەتەوەیی دروستدەكات، چونكە دروستەی ئەم فرێزو ڕستانە ڕێزمان نادروستو واتاناڕاستن بەپێی یاسا سینتاكسییەكانی زمانی كوردی.

## سەرچاوەكان:


أ- بە زمانی كوردی:

١. ابراهیم اسماعیل پوور، نەتەوەیی بێ زمان بوونی نییە، (www.soma-saqiz.com).

٢. ئازاد عزیز سلێمان (٢٠١٤)، ململانێی زمان، نامەی ماستەر، كۆلێجی پەروەردە، زانكۆی سەلاحەدین.

٣. باسط حەمەغەریب (٢٠٠٥)، ڕەشنوسی دەستووری هەمیشەیی عێراق، گۆڤاری خاك، ژ (٩٩).

٤. بەهار زایر محمد (٢٠٠٩)، زمان و یاسا كۆمەڵایەتییەكان، نامەی ماستەر، كۆلێجی زمان ـ زانكۆی سەلاحەدین.

٥. پشتیوان رحیم (٢٠١١)، قەیران و شوناسی خێزان لە پەراوێزی ئەنفالدا، چاپی یەكەم، چاپخانەی كارۆ.

٦. تاریق جامباز (٢٠٠٥)، زمانە فەرمیەكان لە دەستوری وڵاتە فیدراڵیەكاندا، سلێمانی.

٧. تاریق جامباز (٢٠١١)، دەستپێكێك لەبارەی زمانپارێزی، گۆڤاری ئەكادیمیای كوردی، ژ(١٩)، هەولێر.

٨. حەمەساڵح حەمەئەمین، چێنەر عەلی جۆلا، وشیار مستەفا خالّ، د. سالار حمەسەر باسیرە (٢٠٠٥)، مافی مرۆڤ، چاپی دووەم، چاپخانەی (المثالیة).

٩. حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٠)، فرێزی ناویو فرێزی كاری لە كرمانجیی ژووروودا، نامەی ماستەر، كۆلێجی زمان ـ زانكۆی سلێمانی.

١٠. د. مارف عومەر گولّ (١٩٩٧)، جینۆسایدی گەلی كورد لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا، ئەمستردام ـ هۆڵەندا.

١١. د. هاشم ئەحمەدزادە (٢٠١٢)، زمان، ئەدەب و ناسنامە، چاپی یەكەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

١٢. عەتا قەرەداخی (٢٠٠١)، كاریگەریی كەلتووری ئەوان لەسەر ئێمە، چاپی یەكەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی.

١٣. عەبدوڵلاٚ غەفوور (٢٠٠٠)، جوگرافیای کوردستان، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی.

١٤. غەفوور مەخمووری (٢٠١٠)، بەعەرەبکردنی کوردستان، چاپی سێیەم، هەولێر.

١٥. کریستینا کۆیڤۆنەن (٢٠١١)، جەنگی شاراوە لە باکوری کوردستان، و/ یاسین سەردەشتی، چاپی یەکەم ،چاپخانەی ڕوون.

١٦. کارزان موحسین قادر (٢٠١٣)، بنیاتو ناسنامەی نەتەوەیی لە ڕۆمانەکانی یەشار کەمال دا، نامەی دکتۆرا، فاکەڵتی پەروەردە . زانکۆی کۆیە.

١٧. میدڵ ئیست وۆچ (٢٠٠٤)، جینۆساید لە عێراقدا . پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، و/ محەمەد حمەساڵح تۆفیق، سلێمانی.

١٨. مەسعود محەمەد (١٩٧٨)، بەرەو ڕاستە شەقامی ئاخاوتنی کوردی، بەغدا.

١٩. هەژار عزیز سورمیٚ (٢٠٠٩)، لەبارەی جاڕنامەی مافی مرۆڤەوە، هەولێر.

ب- بە زمانی عەرەبی:

٢٠. أ.د. احمد حساني، ترقية اللغة العربية بين التخطيط الاستراتيجي والاستثمار المؤسسي، (www.alarabiahconference.org).

٢١. أ.د. رشيد عبدالرحمن العبيدي (٢٠٠٢)، مباحث في علم اللغة واللسانيات، الطبعة الاولى، بغداد – العراق.

٢٢. أ.د. محمد أمارة (٢٠١٠)، اللغة والهوية، كتاب الدراسات.

٢٣. د.اسماعيل عبدالفتاح، معجم مصطلحات عصر العولمة، دار الكتب العربية.

٢٤. د. مصطفى عوض بني ذياب (٢٠١٢)، التخطيط اللغوي والتعريب، مجلة التعريب، العدد الثاني والاربعون، رجب/حزيران، الاردن.

٢٥. خليل اسماعيل محمد (٢٠٠٣)، مؤشرات سياسة التعريب والتهجير في أقليم كردستان العراق، مكتب الفكر والتوعية للاتحاد الوطني الكردستاني، السليمانية.

٢٦. عبدالكريم خليفة (١٩٨٧)، اللغة العربية والتعريب، الطبعة الاولى، مجمع اللغة العربية الاردني.

٢٧. لويس جان كالفي (٢٠٠٨)، حرب اللغات والسياسات اللغوية، ت/د. حسن حمزة، بيروت.

٢٨. وريا الجاف (١٩٩٨)، كركوك دراسة سياسية والاجتماعية، أربيل.



## Abstract

This research is entitled "Language plan and security of the national Language".It talks about the function and political role of language planning in maintaining national language security in the face of the conflicts and threats from other languages.

The research comprises two parts:

The first part talks about kurdish language and national language security in which attention has been given to the steps that the frequent regimes in Iraq have taken towards weakening and destroying the bases and authenticity of kurdish language.

The second part has been devoted to the language policy and plan for the purpose of safeguarding national language security. In addition, the relation between language and identity as well as language policy and plan and their fundamental elements have been discussed.

Further, the effect of Arabic and English languages on the syntactic structures of kurdish has been discussed.

At the end, the most important conclusions are put forward with a list of the references.